گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# کارەکیکردنی زارەکان لە ڕێگەی خوێندن لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستاندا

**م.ی. ژینۆ بەختیار هاشم**
بەشی کوردی, کۆلێژی زمان , زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق
zhino.hashim@su.edu.krd

**پ. د. عاتف عبدالله فرهادی**
بەشی کوردی, کۆلێژی زمان , زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق
atif.farhad@su.edu.krd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٣/٩/٢٠
پەسەندکردن:٢٠٢٣/١٢/٣٠
بڵاو کردنەوە:بەهار٢٠٢٥

**ووشە سەرەکییەکان**
*Dialects, Operationalizing Dialects, Studying Dialects*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.10.1.17

## پوختە

پێکهاتەی هەر زمانێک بریتییە لە کۆی چەندین زار، کە ئەمانیش لە چەند شێوەزارێک پێکدێن، زارەکانی هەر زمانێکیش تایبەتمەندی خۆیان هەیە و گرنگە هەوڵ بۆ مانەوەیان بدرێت، زارەکانی زمانی کوردیش، کە تایبەتن بە کۆمەڵێک ئاخێوەر لە شوێنێکی جوگرافی دیاریکراودا جێگەی ئەم گرنگیپێدانەن، بۆ ئەم مەبەستەش سەرەکیترین لایەن بریتییە لە کارەکیکردنی ئەم زارانە، کە ئەم کارەکیکردنە چەندین لایەنی جیاواز دەگرێتەوە، هەر لایەنێکیش ڕێگەیەکی کارەکیکردنی زارە. ئەم ڕێگایانەش لەم توێژینەوەیەدا بەهۆی کاری مەیدانی و ڕاپرسییەوە یەکلاکراونەتەوە، کە سەرەکیترینیان بریتییە لە ڕێگەی خوێندن لەسەر ئاستی زانکۆکاندا. بۆ ئەم مەبەستەش بەشی کوردی چەند زانکۆیەکی هەڵبژێردراو لە هەرێمی کوردستاندا کە زارەکانیان تیادا دەخوێندرێت خراونەتە ژێر ڕۆشنایی، هەربۆیەش ڕاپرسییەکی ئۆنلاین بە بەکارهێنانی پرۆگرامی (Kobo Toolbox) لەگەڵ قوتابیانی ساڵی ٢٠٢٢- ٢٠٢٣ی بەشی کوردی قۆناغی چوارەم ئەنجامدرا، هەوڵمانداوە مشتومڕ لەسەر ئەم ڕێگەیەی کارەکیکردنی زار بکەین و لەم توێژینەوەیەدا لایەنی باش و کەموکورتییەکان بدۆزینەوە و ڕێگەی بەرەو باشتر و چارەسەرکردن بخەینە بەرچاو بۆ بەشە کوردییەکان. ئەنجامی ئەو وەڵام و داتایانەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆکرانەوە بۆمان دەردەخات کە پرۆسەی وتنەوەی زار تایبەتمەندی خۆی هەیە و جیای دەکاتەوە لە وتنەوەی وانەیەکی تر، هەروەها دەرخستنی زاری گرنگیپێدراو و فەرامۆشکراو لەم پرۆسەیەدا و زانینی هۆکارەکانیان، لەگەڵ دۆزینەوەی گرنگترین ڕەگەز و لایەنەکانی سەرخستنی کارەکیکردنی زارەکانی زمانی کوردی لە لایەک و دەستنیشانکردنی خاڵی بەهێز و بێهێزی هەریەکە لەم ڕەگەزانە.

## پێشەکی:

### ئامانجی توێژینەوەکە:

هەوڵدانێکە بۆ دەرخستنی چۆنییەتی کارەکیکردنی زارەکان لەڕێگەی خوێندن لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستاندا و تیشک خستنەسەر لایەنە باشەکان و لایەنە خراپەکان لەم پرۆسەیەدا، تاکو باشییەکان بەرەو باشتر ببرێن و خراپەکانیش پێداچونەوەی پێدابکرێت و هەڵوێستەیان لەسەر وەربگیرێت لەلایەن بەشە کوردییەکانەوە، بۆ ئەوەی زیاتر گرنگی بە زارەکان بدرێت. لەلایەکی ترەوە دۆزینەوەی خاڵی نەبینراو لەم پرۆسەیەدا بۆ چارەسەرکردنی کێشە و بەربەستەکان.

### ڕێبازی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە پەیڕەوی ڕێبازی وەسفی سینکرۆنی - شیکارییە و کارەکیکردنی زار لە ژێر ڕۆشنایی وەڵامی قوتابیاندا لە بەشی کوردی زانکۆکاندا دەستنیشان دەکات، لەبەرئەوەی توێژینەوەکە لە چوارچێوەی چەند زانکۆیەکدایە، پێویستی بە کاری مەیدانی و بەرامبەرکردنی وەڵامی قوتابیانی زانکۆ لەلایەک و بەشی کوردی بەتایبەت هەبووە.

### سنور و کەرەستەی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە لە چوارچێوەی زانکۆکانی هەرێمی کوردستاندایە، بۆ ئەم مەبەستەش بەشی کوردی کۆلیژی زمانی زانکۆکانی سەلاحەدین، سلێمانی، دهۆک، گەرمیان/ خانەقین، لەگەڵ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پەروەردەی هەڵەبجە/ شارەزور وەرگیراون. ئەم زانکۆیانەش لەسەر بنەمای دوو لایەن وەرگیراون:

١- زۆری ئەزموونیان.

٢- شوێنی جوگرافییان لە ڕووی نزیکی لە ناوچەی زارێکی جیاوازی زمانی کوردی.

بۆ نمونە: سەلاحەدین و سلێمانی، بۆ ناوچەی زاری ناوەڕاست و ئەزمونی زۆریان.

دهۆک، بۆ ناوچەی زاری سەرو، ئەزمونی زۆریان.

گەرمیان/ خانەقین، بۆ ناوچەی زاری خوارو، نمونەی زانکۆی نوێ.

پەروەردەی هەڵەبجە/ شارەزور، بۆ ناوچەی زاری گۆران/هەورامی، نمونەی زانکۆی نوێ.

لە هەموو زانکۆکاندا کۆلیژی زمان وەرگیراوە، جگە لە پەروەردەی هەڵەبجە، چونکە بەشی کوردی کۆلیژی زمان نییە.

بۆ ئەم مەبەستەش قوتابیانی قۆناغی چوارەمی هەریەک لەم بەشە کوردییانە بەشدارییان پێکراوە لە کاری ڕاپرسیەکەدا، کە بەشێوەی لینکی کۆبۆ Kobo Toolbox فۆڕمی ڕاپرسییەکە لەڕێگەی سەرۆک بەشە بەڕێزەکانەوە دابەشی سەر قوتابیانی ئەم قۆناغەی ساڵی ٢٠٢٢ – ٢٠٢٣ کراوە، هەر لە ڕێگەی ئەم بەرنامەیەشەوە وەڵامەکان هاتونەتەوە و کاری ئامارییان بۆ ئەنجامدراوە.

**ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە جگە لە پوختە و پێشەکی لە دوو بەش پێکهاتوە:

- بەشی یەکەم: لە ژێر ناونیشانی (زار لای نەتەوەکان و کارەکیکردنی زار لە ڕێگە خوێندن) دایە.

  باس لە زار لای یۆنانیەکان و فەرەنسیەکان و ئینگلیزەکان و عەرەبەکان دەکات لەگەڵ زار لە زمانی کوردیدا، هەروەها زارە کوردیەکان دەناسێنرێت. لە لایەکی ترەوە کارەکیکردنی زار و ڕێگەی خوێندن باسدەکرێت.

- بەشی دووەم: لە ژێر ناونیشانی (کارەکیکردنی زارەکان لە ڕێگەی خوێندن لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستاندا) یە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەوڵدراوە سەرەتایەک بۆ کارەکە بخرێتەڕوو لەگەڵ وەرگرتنی داتای زانیاریە کەسیە پێویستەکانی قوتابی بۆ باسەکە و شیکردنەوەیان بۆ بە ئەنجام گەیاندن و داتای زانیاری گشتی لەسەر کارەکیکردنی زار لە زانکۆکاندا، بۆ لێکدانەوەی تەواوی خاڵی نەزانراو و خاڵی لاواز و کەموکورتی پرۆسەکە و دەرخستنی لایەنە باشەکانیش.
کۆتایی توێژینەوەکە تەرخانکراوە بۆ خستنەڕووی چەند ئەنجامێکی زانستی، لەگەڵ سەرچاوەکان بە هەرسێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی.

## بەشی یەکەم: (زار لای نەتەوەکان و کارەکیکردنی زار لەرێگەی خوێندن)

بەپێی سەردەم و شوێن و بیروبۆچوونی زمانناسان، ناساندنی زار گۆڕانی بەسەرداهاتووە، هەرئەمەش وای کردووە، کەوا چەندین پێناسە و گوزارشتی جیاواز بۆ ناساندنی زار لای نەتەوەکان بەکاربهێنرێت و بەپێی هەر نەتەوەیەک ناساندنی جیاوازی بۆ بکرێت، وەک لە خوارەوە دەبینرێت:

### ١-١- زار لای یۆنانییەکان:

ئەوەی جێگەی سەرنجە ناساندنی زار لەسەردەمی ئێستادا جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ ئەو ناساندنەی، کە لەسەرەتادا هەبووە لەڕووی مەبەست و زاراوەوە هەر لە سەرەتای دروستبوونی زاراوەکەوە ئاڵۆزییەك هاتۆتە کایەوە، چونکە ناسینەوەی زمانەکان و جیاکردنەوەیان لای هەموان ئاشکرابووە، بەڵام دروستبوونی زار ئاڵۆزییەك و تێکەڵیەك پەیدادەکات. ((هۆگن ڕونی دەکاتەوە، کەئەم شێواوی تێکەڵییە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی یۆنانییە کۆنەکان، چونکە لەڕاستیدا زمانی یۆنانییەکان بریتی بوو لە کۆمەڵێک جۆراوجۆریەتی لۆکاڵی – local varieties جیاواز لە یەکتری، کە ئەوانیش بریتی بوون لە:
ئایۆنیك Ionic
دۆریك Doric
ئاتیك Attic)) {Wardaugh, Ronald: 1986: 28}

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەریەك لەمانە لەرووی شێوەی بەکارهێنان و کات و شوێنیان تایبەتمەندی خۆی هەبووە، هەریەکەیان بۆ بابەتێکی جیاواز بەکارهێنراوە، لەکاتێکدا بە زاری ئەدەبی یۆنانی کۆن دادەنرێن و هەریەکەیان بەکارهێنان و عورفی ئەدەبی خۆی هەیە، کە جیاوازە لەوەی تریان، واتە لە جیاوازی سەرچاوەیەکی باوی قسەکردنەوە هاتون و دروستبوون، واتە ((لە یۆنان یەك شێوەی یەکخراو نەبووە، بەڵکو گروپ بوون، کە نزیك بوون لە یەکتری یان پەیوەندیان بەیەکترەوە هەبووە و هەریەکەیان ناوی هەرێمێکی یۆنانی هەڵگرتووە. ئەم شێوانە قسەیان پێ نەدەکرا، بەڵکو تەنها بۆ نوسین بەکاردەهێنران، هەریەکەیان بۆ مەبەستێکی ئەدەبی جیا جیا)) {Haugen, Einar: 1966: 923}

١- ئایۆنیك: زارێکی ئەدەبی یۆنانی کۆنە، کە بەکارهێنان و عورفی ئەدەبی خۆی هەبووە و تەنها بۆ بابەتی مێژوو، واتا لایەنی مێژوویی بەکارهاتووە، ئەم زارە دەگەڕێتەوە بۆ (ئایۆنیا)ی رۆژهەڵاتی یۆنان.

٢- دۆریك: یەکێك لە زارە ئەدەبییەکانی یۆنانی کۆنە، کە تایبەت بووە بۆ کاری کۆراڵ و هۆنراوە، لە دورگەکانی رۆدس و کریت بەکارهاتووە.

٣- ئاتیك: ئەم زارە عورفی ئەدەبی خۆی هەبووە و تەنها بۆ لایەنی تراژیدیا بەکارهاتووە، لەشاری ئەسینا ((دواتر یۆنانیی ئەسینا، کە پێی دەوترا کۆینێ – koine واتە -زمانی باو- بوو بەشیوەی زمانی قسەپێکردن، لەکاتێکدا کە جۆراوجۆریەتی قسەکردنی جیاجیا لەو دیالێکتە بەیەك گەیشتن، کە سەنتەری سەرەکی کەلتوری و بەڕیوەبردن بوو)) {Wardaugh, Ronald:1986: 28}

ئەم جیاوازییە وای کرد لە یۆنانی کۆندا زاراوەی دیالێکت Dialect سەرهەڵبدات، بەجۆرێك کە ئەم زاراوەیە پەرەبسێنێت بۆ ناو نەتەوەکانی تر و بەکارهێنانی بڵاوەبکات، هەرچەندە بەپێی نەتەوە و سەردەم گۆڕانی بەسەرداهات لەرووی مەبەست و تێگەیشتنەوە، بەڵام ((بنچینەی بەکارهێنانی وشەی دیالێکت Dialect بۆ یۆنانی کۆن دەگەڕێتەوە)) {Haugen, Einar:1966: 923}

لەڕووی مەبەستیشەوە هەمیشە پەیوەست بووە بە شیوازی جیاوازی ئاخاوتن لەناو زماندا، واتە لەم ڕووەوە یەك مەبەست بوون، بەڵام لەرووی دیاریكردنی جۆری شیوازەكانەوە مەبەستەكە گۆڕانكاری بەسەرداهاتووە.

**١-٢- زار لای فەرەنسییەكان:**

((ئەم بارودۆخە ئاڵۆزتربووە بەهۆی ئەو جیاوازییەی كە زمانی فەرەنسی دەیكات لەنێوان دیالێكت (un dialect) و پاتۆیس (un patois) یەكەمیان بریتییە لە جۆراوجۆریەتییەكی هەرێمی زمانێك، كە پەیوەندیدارە بە نەریتێكی ئەدەبییەوە، كەچی دووەمیان جۆراوجۆرییەتییەكی هەرێمییە كە هیچ نەریتێكی ئەدەبی نییە، هەر بۆیەش پاتۆیس بەشیوەیەكی خراپ و ناگرنگ بەكاردەهێنرێت)) {Haugen, Einar:1966: 923}

بەم پێیەش دەتوانین بڵێین لای فەرەنسییەكان ((دیالێكت Dialect بەكاردێت تەنها بۆ گوزارشتكردن لەو جۆرە زارە ناوچەییانەی، كە نوسراوە و بەشێك بووە لە شوێنەواری ئەدەبی، بەپێچەوانەی ئەو جۆرە زارە ناوچەییانەی كە نەنوسراون و زاراوەی patois پاتۆیسان بۆ بەكارهێناوە)) {هدسون. تر:محمود عیاد: ١٩٩٠: ٥٤}. لای فەرەنسییەكان ئەدەب لایەنێكی گرنگی هەبووە، نمونەی سەرەكی بۆ ئەم لایەنە زمانی (Breton-بریتۆن)ە، كە زمانێكی (celtic-سیلتیك)ییە، هێشتا لە چەند بەشێكی بریتۆنی هەرێمی فەرەنسا بەكاردەهینرێت و بە پاتیۆس ناودەبرێت، چونكە پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ ئەدەبدا نییە.

**١-٣- زار لای ئینگلیزەكان:**

لای ئینگلیزەكان گۆرانكاری هاتەكایەوە و زاراوەی Dialect زار لەگەڵ زمان language بەرامبەر یەك وەستاون و زاراوەی پاتۆیس patois بەكارنەدەهات، بەڵكو زاراوەی دیالێكتیش Dialect مەبەستی بەكارهێنانی گۆڕا بۆ شێوەی زمانی ناوچەیەك یان كۆمەڵێك یان ئاستێك، كە ئەمەش تێكەڵەیەكی لەگەڵ زماندا دروست دەكرد، بۆیە Dialect زار بەوە پێناسە دەكرێت، كەوا ((بریتییە لە شێوەیەكی زمان، كە ستانداردی لاوەكییە و substandard ئاستێكی نزمتری هەیە و زۆربەی جاریش لادێییە، كە بەشیوەیەكی گشتی بەستراوەتەوە بە جوتیاران و

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چینی کرێکاران و هەندێك گروپی تر، کە پلەیەکی بەرزی کۆمەڵایەتییان نییە)) {J. K. Chambers and Peter Trudgill: 2004: 3}

ئەمەش بۆمان دەردەخات، کە زاراوەی Dialect جێگەی زاراوەی patoisی گرتەوە و Language یش بۆ بەشە ستاندارد و پێکهاتەی گشتی دیالێکتەکان هاتە کایەوە.

**١-٤- زار لای عەرەبەکان:**

لای عەرەبەکان بە (اللهجة) ناودەبرێت، دەستنیشانکردنی زار لای عەرەب لە دوو ڕوانگەوە چوەتە قوڵایی، لەڕووی جوگرافی و لەڕووی کۆمەڵایەتی. زۆربەی لایەنە کۆمەڵایەتییەکان بەهۆکار دادەنرێن بۆ دروستبوونی زار، چونکە هەمیشە زمان و زار پەیوەست بووە بە کۆمەڵ، واتە ئاڵۆزی لە ناساندنی زار لای عەرەب دەگەڕێتەوە بۆ هۆکارەکانی دروستبوونی زار لای عەرەبەکان، لەکاتێکدا ئەم هۆکارانەش لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر جیاوازە و هەر کۆمەڵە نوسەر و زمانەوانێکیش بەجۆریکی جیاواز دابەشبوونیان بۆ کردووە، کە ئەمەش کاریگەری لەسەر جیاوازی ناساندنی زار هەبووە، بەڵام ئەو لایەنەی کە لەسەری کۆکن لایەنە جوگرافیەکەیە، هەندێکیان چوار جۆر دەستنیشان دەکەن، کە بریتین لە ((زاری جوگرافی، زاری کۆمەڵایەتی، زاری تاك، زاری تەمەن)) {محمد عفیف الدین دمیاطي: ٢٠١٧: ١٢٣-١٢٤}

هەرچی بەشێکی تریانە چەندین جۆری جیاواز دەستنیشاندەکەن کە ئەوانیش بریتین لە ((زاری جوگرافی، زاری کۆمەڵایەتی، زاری تاك، زاری نەتەوەیی، زاری پیشە، زاری تەمەن، زاری ڕەگەز، زاری کاتی، زاری لادێ و شار، زاری گشتی، زاری پەتی)) {محمد علي الخولي: ٢٠٠٠: ١٦٣-١٦٧}، بەڵام ئەگەر بەگشتی لە زارەکانی زمانی عەرەبی بپرسین ئەوا بەناوی شوێن، زارە عەرەبیەکان دەستنیشانکراون، واتە بەپێی شوێنی جوگرافی، هەرچی جۆرەکانی ترە دەکەونە ناو چوارچێوەی جۆراوجۆری زمانییەوە.

**١-٥- زار لە زمانی کوردیدا:**

کاریگەری زۆر لە نەتەوەکان بەتایبەت ئینگلیز و عەرەب لە زارناسی/ دیالێکتۆلۆجیدا ڕەنگی داوەتەوە، هەربۆیەش ئەم کاریگەرییە لە زاردا بەئاشکرا دەردەکەوێت. لە ڕووی ناوچەیی و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆمەڵایەتییەوە زار ((شێوەیەکە لە شێوەکانی زمانی ناوچەیی یان کۆمەڵایەتی یان کاتی، کە پێکهێن و دانەکانی ڕۆنان و ڕێزمانی تایبەتی هەیە)) { یوسف شەریف سەعید: ٢٠١١: ٢٤٧ }

لەڕووی ڕێککەوتی کەسی و مەرجی تێگەیشتنیشەوە زار ((بەو شێوە زمانە دەوترێت، کە کۆمەڵە کەسێک لە شوێنێکدا بەکاریدێنن و هاوزمانەکانیشیان تێیاندەگەن)) {محمد معروف فتاح: ١٩٩٠: ١٠٥}، ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە ، کە هەموو زمانەوانان هەر لە پێناسەی زارەوە تاکو دابەشکردن و ...هتد لەسەر ئەوە کۆکن کەوا دروستبوونی زار بەندە بە کۆمەڵێك کەسانەوە، لە شوێنێکی جوگرافی دیاریکراودا نیشتەجێن لە کات و سەردەمێکی دیاریکراودا، کە لێکچونی ئاخاوتنی هەیە لەنێوانیان.

### ١-٦- زارە کوردییەکان:

کورد وەك نەتەوەیەکی دەوڵەمەند، زاری جیاواز لە زمانەکەیدا بەدیدەکرێت، هەرچەندە ئەم زارانە مەرج نییە لەسەرەتادا بەو ڕێژەیەی ئیستا بووبن، بەڵکو بەپێی کات زمانەکە لەگۆڕاندا بووە، وەك هەر زمانێکی تری نەتەوەکانی تر. هەریەك لە شیوەزارەکان و زارەکان بەهۆی هەر هۆکارێکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی و ئابوری و بازرگانی و کەلتوری و جوگرافی و...هتد لەسەردەمێکدا زاڵبوونی بەخۆیەوە بینیوە و وای کردووە وەك زارێکی سەرەکی زار و شێوەزارەکانی تر بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، ئەمەش کاریگەری لەسەر یەکلاکردنەوەی زارە کوردیەکان هەبووە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە هەر لە شەرەفخانی بەدلیسییەوە و ڕۆژهەڵاتناسانەوە، تاکو ئەمڕۆ چەند زارێك هەبوون لەرووی دابەشکردنیانەوە هەمیشە وەك سەرەکی هەژمارکراون و چەند شێوەزارێك کەوتونەتە ژێر رکێفیانەوە، دیارترینیان کە ناویان هێنراوە، لە شێوەی زار یان شێوەزار هەر دیار و دەرکەوتووبوون بریتین لە (کرمانجی، لوڕی، کەلهوڕی، گۆران، زازایی) مەبەستیش لە کرمانجیی، زاری سەرو - زاری ناوەڕاستی ئێستا دەگرێتەوە .ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە هەندێك لە ڕۆژهەڵاتناسان ناوی زار و شێوەزارەکان ناهێنن، بەڵکو کاتێك دابەشبوونی زارەکان دەخەنەڕوو، زیاتر بەم شێوازە باسیان دەکەن، ئەوانیش (سەرو- ژورو – باکور، خوارو- باشور، ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاوا)، ئەمەش زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ڕۆژهەڵاتناسان هەوڵیانداوە لەڕووی جوگرافییەوە زارەکان بخەنەڕوو. بەڵام

مێژوونوس و زمانەوانەکان، لەبەر ئەوەی ویستویانە ناوی زار و شێوەزارەکانیان بەوردتر و ئاشنایانەتر بخەنەڕوو زیاتر لە دابەشکردنەکانیاندا، هەوڵیانداوە ناوی زار یان شێوەزارەکان بەزەقی دەربخەن.  واتە لەگەڵ دەرخستنی شوێنی جوگرافی، ناوەکانیش هێنراون، کە ئەمەش زیاتر بۆ هۆکاری سیاسی گەڕاوەتەوە، تاکو ناوەکان لای تاکی کورد و دەوروبەر بهێڵنەوە، یان دەرخستنی هەستی نەتەوەیی بۆ زارەکە وای دەکرد ئەو شیوەزارەی خۆی بەزاری سەرەکی ناوزەد بکات.

ئەم لایەنەش بەرە بەرە وای لە ڕۆژهەڵاتناسانیش کردوە کەوا ئەوانیش ئاماژە بەناوی شێوەزارەکانیش بدەن، بۆیە شێوازێکی تریش لە دابەشکردنەکاندا دەبینین ئەویش تێکەڵکردنیان و ناوهێنانی هەردوو جۆرە، واتە هەم سەرو خوارو، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، هەمیش گۆران و لوری و ...هتد بەم پێیە دەتوانین بڵێێن بەگشتی ٣ سێ جۆریەتی دابەشکردنمان هەیە لای زمانەوانە کوردەکان و رۆژهەڵاتناسان  ئەوانیش :

(١- بەپێی بارە جوگرافییەکان، ٢- بەناوی زار و شێوەزار، ٣- تێکەڵ)

١- بەپێی بارە جوگرافییەکان        : وەک لای:

- مینۆرسکی – 1949 ((خوارو، ڕۆژهەڵات ، ڕۆژئاوا )) {مینۆرسکی: ١٩٨٤: ٨٤}
- ئە. سوسین - 1898 ((ڕۆژهەڵات ، باشور، باکور)) { فریدرەش مووڵێر و هی تر: ٢٠٠٥: ٦-٨}
- قەناتی کوردۆ- 1965 ((کرمانجی ژورو و خوارو)) {ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٤: ٥٤}

٢- بەناوی زار و شیوەزار: وەک لای:

- شەرەفخانی بەدلیسی١٩٥٦: ((کرمانجی، لوری، کەلهوڕی، گۆران)) {میر شەرەفخانی بەدلیسی:٢٠١٣ : ٢١}
- جەلادەت بەدرخان و روجیە لسکۆ: ((کرمانجی – سۆرانی – زارا)) {الأمیر جلادت بدرخان والمستشرق الفرنسی روجیة لسکو: بێ ساڵی چاپ: ١١}
- تۆفیق وەهبی: ((کرمانجی، لوڕی، گۆرانی، زازایی)) {تۆفیق وەهبی: ١٩٥١: ٣٢-٣٣}

٣- تێکەڵ: وەک لای:

- کەمال فؤاد: ((رۆژئاوا، رۆژهەڵات، خوارو، گۆران، زازا)) { کمال فوئد: ١٩٧١: ١٦-٢٤}
- عزالدین مستەفا رەسول: ((لوڕی – کرمانجی ژوروو، گۆران، خواروو)) { عزالدین مستەفا رەسول: ١٩٧١: ١٩-٢٥}
- فؤاد حمە خورشید ١٩٨٣: ((کرمانجی باکور– کرمانجی ناوەڕاست – کرمانجی باشور - گۆران)) {فوئاد حەمە خورشید: ٢٠٠٨: ٤١}
- مارف خەزنەدار ((کرمانجی: باکوور- باشوور، لوڕی، گۆران، زازایی)) {مارف خەزنەدار: ٢٠١٠: ٤٨- ٤٩}

**١-٧- کارەکیکردنی زار:**

مەبەست لە زاراوەی کارەکیکردنی زار بریتیە لە چالاکردن و بەگەڕخستنی ئاخێوەرانی زارەکانی هەمان زمان، بە مەبەستی ئاشنابوونیان وبەرەوفێربوونچوونی زارەکان، لەڕێگەی کەرەستەی جیاوازەوە، کە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کار لە ئاخێوەری زاری بەرامبەر بکات، دەکرێ ئەم کارتێکردنە بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕێت، ئەوانیش بریتین لە ئاشنابون و تێگەیشتن و تەنانەت بەکارهێنانیشی.

زارەکان بەچەند ڕێگەیەکی سەرەکی کارەکی دەکرێن، ڕێگەکانیش زۆرن لە گرنگترینیان ڕێگەی خوێندنە لە پۆلدا.

**١-٨- کارەکیکردنی زارەکان لە ڕێگەی خوێندن:**

کارەکیکردنی زارەکان لە ڕێگەی خوێندن دوو ئاستی سەرەکی هەیە:

١- لەئاستی قوتابخانە و ئامادەییەکاندا

٢- لەئاستی زانکۆکاندا

کارەکیکردنی زارەکان لە ڕێگەی خوێندن لەهەریەکێک لەم ئاستانە جیاوازە لەوەی تریان، چونکە دەبێت لەوەی یەکەم لەئاستێکی ئاسانتر و سادەتردا بێت وەک لە ئاستی دووەم، لەڕووی خستنەکار و پرۆگرامیەوە.

ڕاستە چەندین ڕێگەی کارەکیکردنی زارمان هەیە، جگە لە خوێندن، بەڵام ڕێگەی خوێندن یەکێکە لە هەرە سەرەکییەکان.

مەبەست لە خوێندنیش لێرەدا خوێندنی زارە لە پۆلدا و وتنەوەیەتی لەلایەن مامۆستایەک بە کۆمەڵێک قوتابی، پرۆسەکە وەک هەر وانەیەکی تر، چەندین ڕەگەزی جیاجیا لە خۆی دەگرێت، بەڵام پێویستە ئەوە لە بیرنەکرێت، کە وتنەوەی زارەکان هەندێک تایبەتمەندی خۆی هەیە، کە جیای دەکاتەوە لە وتنەوەی بابەتەکانی تر لە بەشی کوردی زانکۆکانی هەرێمدا، چونکە لە زاردا هەم زارێکی جیاواز و هەم بوارەکانی تایبەت بەو زارە دەوترێتەوە و قوتابیش دوو ئەرکی دەبێت، هەم فێربوونی زارێکی جیا هەم فێربوونی تایبەتمەندیەکانی ئەو زارە.

لە گرنگترین ڕەگەزەکان کە لەم بوارە تیشکی بخرێتەسەر بریتین لە:

١- مامۆستا: (لەڕووی پسپۆڕیەوە، لەڕووی زانینی زارەوە)

٢- بنەمای پرۆگرام. (ئاستەکانی زمان، چیرۆک، واتای وشە و ڕستە ....هتد)

٣- کاتی تەرخانکراو

٤- هەڵبژاردنی زاری خوێندراو لە بەشدا

٥- قوتابی....هتد

واتە ڕەگەزەکان بەگشتی دەکرێت ئەوە بێت کە ئایا مامۆستای زار پسپۆڕیی زاری هەیە یان نا، یان دەکرێت کاتی تەرخانکراو بێت بۆ وتنەوەی زار، یان دەکرێت هەڵبژاردنی ئەو زارە بێت کە بەشی کوردی زانکۆیەکی دیاریکراو هەڵیدەبژێرێت بۆ ئەوەی بخوێندرێت، هەروەها بنەمای خوێندنی زارەکە بابەتێکی گرنگە کە دەبێ لەبەرچاو بگیرێت، هەموو ئەم خاڵانە کاریگەری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان دەبێت لەسەر فێربوون و ئاشنابوونی قوتابیەکان بەو زارەی کە دەیخوێنن، بە واتایەکی تر لەسەر کارەکیکردنی ئەو زارە.

وردبونەوە لەم هەموو کردارانەی کە لە ئێستادا پەیڕەودەکرێن لە بەشی کوردی زانکۆکاندا، چەندین لایەنی بەهێز و لاوازی ئەو کردارانەمان بۆ دەردەخات، بەم پێیەش دەتوانین پەنجە لە سەر برینەکان دابنێین و خاڵە لاوازەکان چارەسەربکەین و کردارە دروستەکان کە یارمەتی فێربوون و کارەکیکردنی زارەکان دەدەن، بەهێزتریان بکەین، بۆ ئەم مەبەستەش، بە

پێویستیمان زانی تیشک بخەینە سەر ڕوانگەی قوتابی و لە دیدی ئەوانەوە وردببینەوە لە کۆی بابەت و پرۆسەکە.

شایەنی باسە، کە پرۆسەی فێربوونی زار و کارەکیکردنی، تەواو جیایە لە پرۆسەی فێربوونی زمانێکی دووەم، بەڵام دەکرێت چەندین کەرەستە و شێوازی وتنەوەی زمانی دووەم سودیان لێوەربگیرێت و بەکاربهێنرێن لە پۆلدا، وەک بەکارهێنانی ڤیدیۆ و تۆماری ئەو زارەی کە مامۆستا دەیڵێتەوە، یان چالاکی گفتوگۆ بە هەمان زار، یان تەکنیکەکانی ڕوونکردنەوەی مانای وشەی جیاجیا لە زارێکەوە بۆ زارێکی تر. بابەتێکی تر کە لە وتنەوەی زمانی دووەمدا لایەنێکی سەرەکیە بریتیە لە لێکچون و جیاوزی لە نێوان زمانی یەکەم (واتە زمانی قوتابی) و زمانی دووەم (ئەو زمانەی کە دەیخوێنێ)، دەکرێت ئەم لێکچون و جیاوازیانەی لە نێوان زارەکانی زمانی کوردیدا هەن بخرێنەگەڕ و زەقبکرێنەوە.

## بەشی دووەم: کارەکیکردنی زارەکان لە ڕێگەی خوێندن لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستاندا

### ٢-١- سەرەتا:

لە بەشە کوردییەکانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستاندا، کارەکیکردنی زار بەشێوەیەکی بەرچاو و دیار دەبینرێت، هەریەکەو بەپێی کات و شوێنی زانکۆکە و هەبوونی مامۆستای پسپۆڕ لەم بوارەدا. هیچ یەکێک لە ناوەندەکانی خوێندن هێندەی بەشەکوردییەکانی زانکۆکان پەرەیان بە کارەکیکردنی زارەکان نەداوە، هەریەکەشیان بەجۆرێک، هەر بۆیەش بەشە کوردییەکانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان باشترین شوێنن، کە سودیان لێ ببینرێت وەک شوێننێکی بە ئەزموون و لەژێر ڕۆشنایی لایەنی باش و خراپی کارەکانی ئەواندا لەم پرۆسەیەدا، تاکو کارەکیکردنی زار بەرەو پێشتر ببرێت لەبواری خوێندندا و پەنجە لەسەر ئەو خاڵانە دابنرێت، کە باشن و ئەو لایەنانەش کە کارەکیکردنەکەیان سست و لاواز کردووە، چونکە هیچ پرۆسەیەک بێ کەموکورتی نییە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە، کە لەگەڵ هەبوونی کارەکیکردنی زاردا، تاکو ئێستە چەندین لایەنی کەم و کورتی هەیە کە بوونەتە بەربەست بۆ فێربوون لە زانکۆکاندا، بۆ دەستنیشانکردن

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و دۆزینەوەیان، بۆ ئەوەی سودی لێ ببینرێت لە داهاتوو بۆ بەشەکان و لایەنەکانی تری خوێندن، قوتابیانی بە ئەزموون ڕۆیشتوومان کردە بنەمای وەڵامی داتای توێژینەوەکەمان و لەچەندین پرسیاری بە هەڵبژاردە و جێهێشتنی هەڵبژاردەی (هی تر) بۆ ڕای خۆشیان لایەنی کارەکی توێژینەوەکەمان ئەنجامدا، بۆ ئەوەی ئەنجامەکەی ببێتە مایەی پڕکردنەوەی ئەو کەلێنانەی لەم بوارەدا هەن،

بە گشتی بۆ ئەم داتایە قوتابیانی قۆناغی چوارەمی ساڵی ٢٠٢٢-٢٠٢٣ هەڵبژێردراون، بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان، چونکە قۆناغی چوارەم کۆتا قۆناغە و دەتوانرێت بە تەواوەتی سود لە ئەزمونیان وەربگیرێت و قۆناغەکانی تری هەموو تێپەڕاندوە و بۆ پرسیارەکانی ئێمەش گونجاوترن. بۆ ئەم مەبەستەش بەشی کوردی کۆلیژی زمانی زانکۆکانی سەلاحەددین، سلێمانی دهۆک، گەرمیان/ خانەقین، لەگەڵ پەروەردەی هەڵەبجە/ شارەزور وەرگیراون.

**٢-٢- کارەکیکردنی زارەکان لە ڕێگەی خوێندن لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستاندا**

**٢-٢-١- زانیاری کەسی و پرۆسەی خوێندنی زارەکان:**

**ڕەگەز، ژمارەی بەشداربووان:**

کۆی گشتی قۆناغی چوارەمی هەموو زانکۆکانی بەشداربوو خۆیان ٣٨٤ قوتابی بون، بەڵام ٢٤٧ قوتابی بەشداریان کردوە لە ڕاپرسیەکەدا.

لە ڕووی ڕەگەزەوە ١٧٦ بەشداربوویان لە ڕەگەزی مێ و ٧١ بەشداربوویان لە ڕەگەزی نێرن.

**ژمارەی بەشداربوان بەپێی زانکۆکان:**

بەو پێیەی، کەوا ٣٨٤ قوتابی لەم سالەدا قۆناغی چوارەم بون لە زانکۆ بەشداربوەکاندا و ٢٤٧ بەشداربوو هەبوە، ڕێژەی بەشداربوان لە بەشی کوردی زانکۆیەک جیاواز بوە لەوەی تر، وەک لە خوارەوە دەردەکەویت، کە هەر یەکە لە زانکۆکان بەم شێوەیە بەشدار بون:

زانکۆی سەلاحەددین ٧٥ قوتابی کۆی گشتی خۆیانە و هەموان بەشدار بون.


زانکۆی سلێمانی ١٠٠ قوتابی کۆی گشتی خۆیانە و ٥٥ قوتابی بەشدار بون.

زانکۆی دهۆک ٨١ قوتابی کۆی گشتی خۆیانە و ٣٩ قوتابی بەشدار بون.

زانکۆی گەرمیان/ خانەقین ٢٤ قوتابی کۆی گشتی خۆیانە و هەموان بەشدار بون.

زانکۆی هەڵەبجە/ شارەزور ١٠٤ کۆی گشتی خۆیانە و ٥٤ قوتابی بەشدار بون.

ڕێژەی سەدی کۆی گشتی بەشداربوانی هەموو زانکۆکان لە وێنەی خوارەوەدا دەردەکەوێ:




وێنەی ژمارە (١)

**ماوەی خوێندنی زارەکان، زاری خوێندراو، قۆناغ:**

لە هەموو بەشەکانی کوردی زانکۆکاندا ماوەیەکی سنوردار دیاریکراوە بۆ خوێندنی زارەکان. لە چوار زارەکەی زمانی کوردیدا بەپێی شوێنی جواگرافی ئەو زارەی کە دەکەوێتە ئەو ناوچەیە دەکرێتە زاری بەراوردپێکراو بەرامبەر بە زاری خوێندراو، بەم پێیەش دەبێت سێ زار بخوێندرێت بەرامبەر زاری زانراو، بەڵام لەبەر دانانی ماوەیەکی کەم بۆ خوێندنی زارەکان لە بەشەکاندا، لە هەموو بەشەکاندا سێ زار نەخویندراوە، بەڵکو یەک یان دووان بون، لە کۆرسێک یان ساڵێکدا تەنها لە قۆناغی دووەمدا لە هەموو زانکۆ بەشداربوەکاندا، وەک لەم خشتەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)


خشتەی ژمارە (١)

| ژ | زانکۆ | ماوەی خوێندن | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | زانکۆی سەلاحەددین | ساڵیک/ دوو کۆرس | کۆرسێک مێژووی گشتی هەموو زارەکان، کۆرسێک زاری سەروو/ بادینی |
| ٢ | زانکۆی سلێمانی | کۆرسێک/ سمستەرێک | زاری گۆران/ هەورامی |
| ٣ | زانکۆی دهۆک | کۆرسێک/ سمستەرێک | هەموو زارەکان بە کورتی ئاماژەیان پێدەدرێت |
| ٤ | زانکۆی گەرمیان/ خانەقین | ساڵێک | زاری سەروو/ بادینی، زاری ناوەڕاست/ سۆرانی |
| ٥ | زانکۆی هەڵەبجە/ شارەزوور | ساڵێک/ دوو کۆرس | زاری سەروو/ بادینی، زاری گۆران/ هەورامی |

## مامۆستای زارەکان

گۆڕینی مامۆستا هۆکارێکی باشە بۆ شێوازی وتنەوە و جیاوازی ئەو زانیاریانەی کە بە قوتابی دەگەیێنێ، بەڵام لەبەر ئەوەی لە هەموو زانکۆکاندا یەک ساڵ یان یەک کۆرس زار دەخوێنرێت، بۆیە دەرفەتی گۆڕینی مامۆستا لە زۆربەی بەشەکاندا نەبوە، هەرووک لە خوارەوەدا دەبینرێت لە ٦١٪ ی قوتابیان ئاماژەیان بەوە داوە کە یەک مامۆستا زارەکانیان پێوتونەتەوە، بە پلەی دووەمیش دوو مامۆستایان هەبوە کە ئەو بەشانەن کە دوو کۆڕس زار یان دوو زاریان خوێندوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




وێنەی ژمارە (٢)

**٢-٢-٢- پرسیاری گشتی تایبەت بە کارەکیکردنی زارەکان:**


**زاری گرنگیپێدراو لە زانکۆکاندا:**

مەبەست لەم پرسیارە دیاریکردنی ئەو زارەیە کە زۆرترین گرنگی پێدەدرێت لە پرۆسەی خوێندیاندا، بەپێی ئەنجامی وەڵامەکان بۆمان دەردەکەوێت کەوا زاری ناوەڕاست و زاری سەروو لە زارە گرنگیپێدراوەکانن بە تایبەت زاری ناوەڕاست وەک لە خوارەوە دەبینرێت.

لە کاتێکدا لە پرۆسەی کارەکیکردنی زارەکاندا پێوستە بە یەکسانی گرنگی بە هەموو زارەکان بدرێت، بە تایبەت بە لەبەرچاوگرنتی شوێنی جوگرافی زانکۆکە بەپێی دووری و نزیکی و کەمی ئاشنایی قوتابیەکان بە زارەکانی تر، زارە هەڵبژێردراوەکان دەستنیشان بکرێن، کە جگە لە زاری ناوچەی ئەو زانکۆیە بن.

ئەوەی جێگەی سەرنج و تێبینییە ئەوەیە، کەوا بە بەراوردکردنی ئەو زارانەی کە خوێندراون لەگەڵ ئەو زارانەی کە گرنگیپێدراون لە وەڵامی بەشداربواندا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە خوێندنی ئەو زارانە گرنگیپێدانێکی ئەوتۆی لەگەڵدا نەبوە و وەک پێویست هەژمار نەکراوە، بۆ نمونە زاری گۆران/ هەورامی لە هەندێ لە زانکۆکاندا خوێندراوە، بەڵام بە گرنگیپێدراو هەژمار نەکراوە.


ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




وێنەی ژمارە (٣)

## هۆکاری گرنگیپێدان

کۆمەڵێک هۆکار هەن کە وادەکات زارێک زیاتر لە زارەکانی تر گرنگی پێبدرێت، لە کاتی خستنەڕووی هۆکارەکاندا گرنگیپێدانی زاری ناوەڕاست بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە، کەوا ئەم زارە لە ئێستادا زارێکی باڵادەستە بە ڕێژەی ٤٨.٦٪ لەلایەکی تریشەوە هەڵکەوتەی جوگرافی زاری ناوەڕاست کە دەکەوێتە ناوەڕاستی زارەکانی ترەوە وای کردوە کە هەڵبژاردەی نزیکی شوێنی ئەو زارە لە ڕووی جوگرافیەوە دەستنیشان بکەن وەک هۆکاری سەرەکی بەڕێژەی ٢٣.٥٪، گرنگە ئەوە بخەینەڕوو، کە ڕاستە زاری ناوەڕاست و زاری سەروو ئاشناترن لای خەڵکی کوردستان، بەڵام نابێ بە هیچ شێوەیەک زارەکانی تر فەرامۆش بکرێن.





وێنەی ژمارە (٤)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**زاری فەرامۆشکراو لە زانکۆکاندا**

بە بەرامبەرکردنی گرنگیپێدان و فەرامۆشکردن، بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەنجامی هاوشێوە دەردەکەون کاتێک دەبینین زاری خواروو بە پلەی یەکەم بە فەرامۆشکراو دانراوە بە ڕێژەی ٤٧٪ و زاری گۆران بە پلەی دووەم دانراوە بە ڕێژەی ٢٩٪، کە وەک هاوکێشەیەکی پێچەوانەی لێهاتوە لەگەڵ گرنگیپێدانیدا، ئەمەش دڵنیامان دەکاتەوە کەوا زاری خواروو و گۆران فەرمۆش کراون لە هەموو بەشە بەشداربووەکاندا، بەتایبەت زاری خواروو، کە دڵنیایی ڕاستی وەڵامی نەخوێندنی ئەم زارەیە لەو ساڵانەدا لە هەموو زانکۆکاندا، هەروەک لەم وێنەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:





وێنەی ژمارە (٥)

**هۆکاری فەرامۆشکردن**

لایەنێکی گرنگە کەوا هۆکارەکانی فەرامۆشکردنی هەر زارێک بزانرێت لە بەشە کوردیەکاندا، کە مەبەست لێی هەوڵدانێکە بۆ چارەسەرکردنی ئەم هۆکارانە یان زیاتر چاوپێداخشانەوەیان و بەهەند وەرگرتنیان، کە پێوستە لە کاتی هەبوونی مامۆستای پسپۆڕدا هەموو زارەکان بەبێ ڕەچاوکردنی لایەنی قورسی و ئاسانی بە قوتابیان ئاشنا بکرێن، بەڵام وەک دەبینین بەڕای قوتابیان ئەو زارانەی کە قورسن زاری فەرامۆشکراون، کە ئەم لایەنی قورسیەش بۆ خۆیان و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)


مامۆستا و پرۆگرامەکەش دەگەڕێتەوە، بەڵام بە ڕێژەی ٣٤٪ کە هۆکاری دووەمە پێیان وایە کەوا پێویست نەبونیان بە زارێک لە ڕووی دووری جوگرافیەوە هۆکاری فەرامۆشکردنەکەیە، کە هەردوو زاری لوڕی و گۆران لە ئێستادا دەکەونە سەر سنوری نەخشەی هەرێمی کوردستانەوە، هەروەها لایەنێکی تر پشووی زۆر و نەبوونی مامۆستای پسپۆڕ لەو زارە هۆکارێکی تری فەرامۆشکردنە.




وێنەی ژمارە (٦)

## خوێندن و فێربونی زار


جێگەی خۆشحاڵیە کە لەگەڵ ئەوەی ماوەیەکی کەم دانراوە بۆ وانەی زارەکان، کەچی قوتابیان بەڕێژەی ٤٩.٨٪ (تا ڕادەیەک) فێربونیان هەڵبژاردوە، بە پلەی دووەمیش (بەڵێ) یە، کە ئەمەش باشییەکی گەورەیە بۆ ئاستی مامۆستایانی ئەم وانەیە و پەرەپێدانیان، واتە گەر بۆ زارەکانی تریش کات دابنرێت و کۆرسێکیان هەبێت، فێربونی ئەوانیش ئاسان دەبێت.




وێنەی ژمارە (٧)

### هۆکاری سەرەکی فێربونی زار

دۆزینەوەی هۆکاری فیربونی زار لای قوتابیان بۆ بەشەکان و مامۆستا و قوتابی گرنگیەکی سەرەکی هەیە، بۆ ئەوەی لەسەر چ لایەنێک کاربکەین، تاکو زیاتر زارەکان لە بەشە کوردیەکاندا بەرەوپێش ببەین، بۆ ئەمەش پێمان باش بوو کە بزانین ئەوانەی وەڵامی بەڵێیان هەڵبژاردووە، هۆکاری فێربونیان چیە و پرسیومانە:





وێنەی ژمارە (٨)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مامۆستا هۆکارێکی سەرەکی و گرنگە بۆ فێربون، بە شانازیەوە مامۆستایانی زار ئەم ئەرکەیان پاراستوە و قوتابیان هۆکاری فێربونیان بۆ مامۆستا گەڕاندۆتەوە، هەم پسپۆڕیان و هەم زانینی زارەکە، کەواتە ئەم دوو بوارە لایەنی گرنگن کاریان لەسەر بکرێت، لە لایەکی ترەوە کاتی تەرخانکراو و پەیوەست بونی قوتابی بە فێربون جێگەی ئەوەیە پێداچونەوە و چاوپیاخشاندنی بۆ بکرێن و گرنگیان پێبدرێ.

## هۆکاری سەرەکی فێرنەبونی زار




وێنەی ژمارە (٩)


ئەو قوتابیانەی کە بەهیچ شێوەیەک سودیان لەم وانەیە نەبینیوە، بە پلەی یەکەم هۆکارەکەی بۆ کەمیی کاتی تەرخانکراو دەگەڕێننەوە بە ڕێژەی ٢٦.٧٪، کە ئەمەشە وا دەکات مامۆستا ناچار بێت پرۆگرامی زارەکان بە کورتی بخاتە پێشچاو و باش دانەنرێت، کە ئەمەش هۆکاری دووەمە بۆ فەرنەبونی لای قوتابیان، بەم پێیەش دەبێت هەموو بەشەکان کار لەسەر زۆرکردنی ماوەی خوێندنی زارەکان بکەن.

## بنەمای پرۆگرامی زارەکان لە زانکۆکاندا

پرۆگرامی خوێندنی زارەکان دەتوانرێت بە چەند شێوازێکی جیا دابنرێت کە ئێمە لە هەڵبژاردەکانماندا بەپێی بەرچاوڕونیمان و ئاگاداریمان لەو بنەمایانە لەسەر پرۆگرامی زارەکان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چەند بنەمایەکی سەرەکیمان کردۆتە هەڵبژاردە، کە هەریەکێ لەمانە لایەنی باش و لایەنی کەموکوڕی خۆی هەیە، بۆ ئەوەی بزانین، کە ئایا لە بەشەکاندا کام بنەما زیاتر پەیڕەو دەکرێت و بە باش زانراوە لای زۆربەی مامۆستایانی زار ئەم پرسیارەمان خستۆتەڕوو.





وێنەی ژمارە (١٠)

وەک لە سەرەوە دەبینرێت لە ٦٧.٥٪ قوتابیان ئاماژەیان بەوە داوە، کەوا زانکۆکان بە پلەی یەکەم لەسەر بنەمای بەراوردکردنی ئاستەکانی زمان کار دەکەن، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت، کە تا ڕادەیەکی باش زانکۆکان یەک بنەمان لە پرۆگرامدا، لە کاتێکدا دەتوانرێت تێکەڵکردنی بنەماکان سودێکی زۆر زیاتری هەبێت.

**باشترین بنەما بۆ پرۆگرامی خوێندنی زارەکان لای قوتابیان**

ڕای قوتابیان بۆ بنەمای پرۆگرامی خوێندنی زارەکان و یەکلاکردنەوەی ئەم مەبەستە لایەنێکی گرنگە، هەر بۆیەش ئەم پرسیارە خراوەتەڕوو:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)





وێنەی ژمارە (١١)

وەک لە سەرەوەدا دیارە ئەو بنەمایەی، کە زۆرینەی زانکۆکان بەکاریدەهێنن بۆ خوێندنی زارەکان، کە بنەمای بەراوردکردنی ئاستەکانی زمانە، قوتابیانیش ڕایان وایە، کە بنەمایەکی بەهێز و باشترینە بە ڕێژەی ٥٠.٦٪، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت، کەوا پرۆگرامی بەشە کوردیەکان لای زۆربەی قوتابیان پرۆگرامێکی باشترین و پەسەندە، هەرچەندە بنەمای گفتوگۆ بە پلەی دووەم دێت، کەواتە دەبێ ئەو بنەمایەش بە هەند وەربگیرێت بۆ پرۆگرامی خوێندن لەگەڵ بنەمای ئاستەکاندا.

**مەرجی مامۆستای سەرکەوتوو لە زارەکاندا**

بۆ هەر وانەیەک چەند مەرجێک هەن، کە پێوستە لە مامۆستاکەیدا هەبێت لە زانکۆدا، بە تایبەت بەرجی پسپۆڕی و چۆنیەتی زانیاری گەیاندن بە قوتابی. لە وانەی زارەکاندا ئەم دوو مەرجە و چەند مەرجێکی تریش گرنگیان هەیە، کە یەکێک لەوانە زانینی زارەکانە و بۆیەش ئەمانەمان خستەڕوو لە چەند هەڵبژاردەی پرسیارێکدا:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)





وێنەی ژمارە (١٢)

وەک لە سەرەوە دیارە، پسپۆڕی لە وانەی زاردا بە پلەی یەکەم دێت بۆ مەرجی مامۆستای سەرکەوتوو لای قوتابیان و بە پلەی دووەمیش زانینی زارەکانە، کە بە خۆشحاڵیەوە زۆر لە مامۆستایانی زارەکان لە ئێستادا کاتێک پسپۆڕی لە زارێکدا وەردەگرن، یان زارەکە دەزانن یان تا ڕادەیەکی باش شارەزاییان لەو زارەدا هەیە یان نزیکایەتی و تێکەڵی لەگەڵیاندا بوە بە ڕادەی تێگەیشتن، کە ئەمەش لایەنێکی گرنگە بۆ بەرەوپێشچونی وانەکە.

**باشترین دابەشکردن بۆ کاتی وانەی زارەکان**

تەرخانکردنی کات فاکتەرێکی تری کاریگەرە بۆ زیاتر وردکردنەوە و چکڕکردنەوەی داڕشتنی پرۆگرامی هەر زارێک و لە هەمان کاتیشدا زیاتر دەرفەت بە قوتابیان دەدات بۆ وەرگرتن، هەر بۆیەش ئەم پرسیارەمان ئاراستەی قوتابیان کردوە:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)





وێنەی ژمارە (١٣)

بەپێی هەڵبژاردەی قوتابیان هەر زارێک ساڵێک بخوێنرێت باشترینە، کە ئەمەش ڕایەکی زۆر پەسەندە، چونکە زۆربەی قوتابیان کێشە کەمی کاتیان هەیە لە فێربوندا، مامۆستایانیش بە هەمان شێوە، جگە لەمەش بە پلەی دووەم کۆرسێک/ سمستەرێک دێت، کەواتە تێکەڵکردنی خویندنی زارەکان پێکەوە لە یەک ساڵدا کارێکی پەسەند نیە بۆ کارەکیکردنی زار لە زانکۆدا، بەڵکو هەر زارە و بە جیا کاتێکی تایبەتی خۆی بۆ تەرخان بکرێت باشترین دەبیت، جا ئەگەر کۆرسێک یان ساڵێک بێت.

**باشترین ڕیگە بۆ کارەکیکردنی زار لە خوێندنی زانکۆدا**

کارکردنی زارەکان لەسەر هەر وانەیەک بۆ فێربون و کارەکیکردنیان ئەرکێکی سەرەکیە لە زانکۆدا، بە تایبەت دۆزینەوەی باشترین ڕیگە، تاکو کاری لەسەر بکرێت، هەر بۆیەش جگە لە هەڵبژاردەی هی تر، چەند هەڵبژاردەیەکمان خستە بەردەستی قوتابییان بۆ ئەم مەبەستە، وەک لە خوارەوەدا دیارە:




وێنەی ژمارە (١٤)

زیادکردنی کات گرنگترین و سەرەکیترین هۆکاری فێربون و کارەکیکردنی زارەکانە لە خوێندندا بە پلەی یەکەم لای قوتابیان بە ڕیژەی ٪٣٣.٢، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت کە کاتی تەرخانکراو بۆ زارەکان کەمە لە بەشەکاندا، لە لایەکی ترەوە بۆمان دەردەکەوێت، کەوا قوتابیان زۆرینەیان لە پرۆگرام و مامۆستادا کێشەیان کەمە، بەڵام بە نزیکەیی بە پلەی دووەم وانەی ڕاهێنان و پەیوەستکردنی قوتابی کە بەو زارە بدوێ، لەگەڵ زیادکردنی مامۆستای پسپۆڕ جێگەی ئەوەن کە هەڵوێستەیان لەسەر بکرێت و زیاتر کار بۆ ئەم لایەنانە بکەێ لە بەشەکاندا.

**دەرئەنجام:**

١. هەموو زانکۆکانان بۆ کارەکیکردنی زار لە ڕێگەی خوێندن قۆناغی دووەمیان هەڵبژاردووە.

٢. باشترین ڕێگە لە خوێندندا بۆ کارەکیکردنی زار و زیادکردنی فێربون بریتیە لە زیادکردنی کاتی زارەکان، بە پێچەوانەشەوە هۆکاری فێرنەبونی زارەکان بۆ کەمی ماوەی تەرخانکراوی کارەکیکردنی زار دەگەڕێتەوە لە زانکۆکاندا.

٣. باشترین مەرجی مامۆستای سەرکەوتوو بۆ زارەکان دانانی مامۆستای پسپۆڕی زارەکانە لە هەموو زانکۆکاندا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٤. دانانی پرۆگرام لەسەر بنەمای بەراوردکردنی ئاستەکانی زمان، لە ئێستادا بنەمای پرۆگرامی بەشی کوردی هەموو زانکۆ بەشداربووەکانە، لای قوتابیش باشترین بنەمایە.

٥. کارەکیکردنی هەر زارێک لە ڕێگەی خوێندن لە هەریەکێک لە زانکۆکاندا، لەسەر بنەمای شوێنی جوگرافی زانکۆکە دانراون.

٦. لە هیچ کام لە زانکۆکاندا هەموو زارە نەزانراوەکانی دەرەوەی سنوری زاری ناوچەکە نەخراونەتە پرۆگرامی خوێندن، بەڵکۆ یەکێک یان دووان

٧. فەرمۆشکراوترین زارەکان لە هەموو زارەکاندا لە کارەکیکردنی زاردا، زاری خوارو و گۆرانە، بە پێچەوانەشەوە زارە گرنگیپێدراوەکان زاری ناوەڕاست و سەرون.

## سەرچاوەکان:

### کوردی:

١- ئەورەحمانی حاجی مارف، چی لەبارەی زمانی کوردیەوە نوسراوە، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد، ١٩٧٤.

٢- تۆفیق وەهبی: و: بەکر دلێر، ئەشکەوتەکەی گەندۆک، بەغدا، ١٩٥١.

٣- عزالدین مستەفا رەسول، سەرنجێ لە زمانی ئەدەبی کوردی، چاپخانەی سلمان الاعظمي، بەغداد، ١٩٧١.

٤- فریدرەش موولێر. ئەلبیرت سۆسین. هۆگۆ مەکاس: و: حمید عزیز، زمانی کوردان چەند لێکۆلینەوەیەکی فیلۆلۆجی زمان، لە بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کوردستان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، کوردستان هەولێر، ٢٠٠٥.

٥- فوئاد حەمە خورشید، زمانی کوردی و دیالێکتەکانی شیکردنەوەیەکی جوگرافیایی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٨.

٦- کمال فوئاد، زاراوەکانی زمانی کوردی و زمانی ئەدەبی و نووسینیان، گۆڤاری زانیاری، ژمارە ٤، چاپخانەی دار السلام، بەغدا، ١٩٧١.

٧- مینۆرسکی:و: مارف خەزنەدار:و: حەمەسعید حمەکریم، کورد، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٨٤.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٨- مارف خەزنەدار، مێژوی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، چاپی دووەم ، هەولێر، ٢٠١٠ .

٩- محمد معروف فتاح، زمانەوانی، چاپخانەی دار الحکمە، بەغدا ، ١٩٩٠.

١٠- میر شەرەفخانی بەدلیسی: و: مامۆستا هەژار، شەرەفنامە، چاپخانەی بانیز ،چ ٦، سنە، ٢٠١٣. ١١- یوسف شەریف سەعید، زمانەوانی، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١١.

**عەرەبی:**

١٢- الأمير جلادت بدرخان والمستشرق الفرنسی روجية لسكو: تر: دلاوەر زەنگی، قواعد اللغة الكردية (اللهجة الكرمانجية)، مطابع دار العالم، بدون سنة طبع.

١٣- محمد عفيف الدين دمياطي، مدخل الى علم اللغة الاجتماعي، الطبعة الثانية، مكتبة لسان عربي للنشر و التوزيع، ٢٠١٧.

١٤- محمد علي الخولي، مدخل إلى علم اللغة، دار الفلاح للنشر والتوزيع، الأردن، ٢٠٠٠.

١٥- هدسون: تر:محمود عياد، علم اللغة الاجتماعي، الطبعة الثانية، عالم الكتب، القاهرة، ١٩٩٠.

**ئینگلیزی:**

16- J. K. Chambers and Peter Trudgill: Dialectolojy: Cambridge University Press: Second edition: 2004.

17- Haugen, Einar: "Dialect, language, nation 1." American anthropologist 68, no.4: 1966

18- Wardaugh, Ronald: An Introduction to Language and Society: 1986.

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# Operationalizing Dialects Through Studying in Universities of Kurdistan Region

**Asst. Lect. Zhino Bikhtiyar Hashim**
Department of Kurdish, College of Languages, University of Salahaddin, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Email: zhino.hashim@su.edu.krd

**Prof. Dr. Atif Abdullah Farhadi**
Department of Kurdish, College of Languages, University of Salahaddin, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Email: atif.farhad@su.edu.krd

***Keywords:*** *Dialects, Operationalizing Dialects, Studying Dialects.*

## Abstract

There are numerous dialects in the structure of any language, and these dialects consist of several sub-dialects. Dialects of any languages have their own characteristics, and it is significant to keep them alive. Dialects of Kurdish Language, which are specific to groups of speakers in geographical locations, deserve such attention. Thus, the main method is to operationalize dialects which entails various aspects by itself. In this study, this method has been verified through field work and surveys, the main one being studying dialects at the university level. For this purpose, the Kurdish Language Departments at selected universities in Kurdistan Region, where dialects are being taught, have been put under the spotlight. Therefore, an online survey was conducted using Kobo Toolbox for fourth year students for the academic year of 2022-2023. It was done in an attempt to investigate the modality of operationalizing dialects to discover the strengths and weaknesses in order to propose improvements for the Kurdish Language Departments. The findings showed that the process of teaching dialects has its own characteristics which distinguishes it from

other modules. Both ‘prioritized’ and ‘neglected’ dialects in this process are also illustrated and the reasons behind them. Finally, the most significant elements and aspects of successful operationalizing of Kurdish language dialects are found out, in addition to identifying the strong and weak points of each of these elements.

## تفعيل اللهجات من خلال الدراسة في جامعات إقليم كوردستان

**ملخص:**
تتكون تركيبة أي لغة من عدة لهجات، وكل لهجة تتكون من لهجات فرعية، لدى لهجات كل لغة خصائصها ومن المهم محاولة ابقائهم على قيد الحياة، ولهجات اللغة الكردية، التي هي خاصة بمجموعة متحدثين في رقعة جغرافية محددة، يستحقون هذى الاهتمام، لهذى فان الطريقة الأساسية هي تفعيل هذى اللهجات والتي تتضمن عدة جهات مختلفة، وكل جهة طريقة لتفعيل اللغة. وقد تم تأكيد هذه الطرق من خلال العمل الميداني والمسوحات وأهم هذه الطرق هي دراسة اللهجات على مستوى الجامعات، ولهذى السبب قد تم تسليط الضوء على أقسم اللغة الكردية التي تدرس فيها اللهجات في عدة جامعات مختارة في أقليم كردستان، ولهذى تم اجراء استطلاع أونلاين باستخدام برنامج (Kobo Toolbox) بمشاركة طلاب المرحلة الرابعة في أقسام اللغة الكردية للسنة الدراسية ٢٠٢٢-٢٠٢٣، لقد حاولنا اجراء مناقشة حول طريقة تفعيل اللهجات وفي هذه الدراسة تم العثور على المزايا والعيوب واقتراح طرق تحسين واقتراح حلول لأقسام اللغة الكردية، نتائج الأجابات والبيانات التي تم جمعها تبين لنا أن عملية تدريس اللهجات لها خصائصها وتميزها عن باقي الدروس الأخرى، وتبين اللهجة "المهتمة بها" و"المهملة" في هذه العملية والأسباب وراء ذلك، أضافة الى التعرف على أهم العناصر والجهات لانجاح تفعيل لهجات اللغة الكردية من جهة، وتحديد نقاط القوة والضعف لكل من هذه العناصر من جهة أخرى.